
هيـــأة الإحصـــاء
ونظـــم المعـــلومات الجغـــرافية
Commission of statistics and GIS

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێم

# ڕووپێوی کانگا و کانگاکاری لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2023



**بەشی ئامارەکانی پیشەسازی**

**کانوونی دووەم – 2026**

© کانونی دووەم - 2026
مافی چاپکردن و بلاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
لەکاتی لێوەرگرتنی زانیاری لەم راپۆرتە تکایە وەك ئەوەی لە خوارەوە پێشنیارکراوە ئاماژەی پێبکە:

**دەستەی ئاماری هەرێم2026 ، بەشی ئامارەکانی پیشەسازی، ڕاپۆرتی ڕووپێوی کانگا و کانگاکاری لە کەرتی تایبەت بۆ ساڵی 2023 لە هەرێمی کوردستان.**

بۆزانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە:
ناونیشانی سایتی ئەلیکترۆنی : www.krso.gov.krd
تەلەفۆن: 07508963143
ئیمەیل: Contact@krso.gov.krd

# سوپاس و پێزانین

دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە دەکەن کە بەشداریان کرد لە ئەنجامدانی ڕووپێوی کانگا و کانگاکاری کەرتی تایبەت لە  دابینکردنی داتا ئامارییەکان.

هەروەها سوپاسی ستافی بەڕێوەبەرایەتییە ئامارییەکان دەکەین لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

## تیمی کار

| ت | تیمی ئامادەکردنی ڕاپۆرت |
|---|---|
| 1 | حسێن حەمید خەلەف / دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| 2 | حەنان رەحیم عنید/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| 3 | بان فاروق جمعە/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| **تیمی شیکردنەوەی داتاکان** | |
| 1 | ڕەنا رەعد جەواد/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| 2 | مەلامح سابر حسێن/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| 3 | سجی قاسم کازم/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| 4 | مستەفا عادل حسێن/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| 5 | زەید خەلیفە محمد/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| 6 | اروە شاکر ئیبراهیم/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| 7 | نەجلا هادی جودە/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| 8 | نادیە نوری حەسەن/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| 9 | محمد توفیق ڕەسول / دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان |
| 10 | هەدیل عوبەید فارس/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| 11 | ناهیدە هاشم شناوە/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| 12 | ڕەزا قاسم محمد تەمیم/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| **تیمی پرۆگرام** | |
| 1 | ئەحمەد عەبد لحەسەن علوان/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |
| 2 | ئایە مازن تالب/ دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ |

بەڕێوەبەرانی ئامار لە پارێزگاکان و سەرپەرشتیارانی ئاماری پیشەسازی

| زنجیرە | پارێزگا | بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگا | سەرپەرشتیاری ئاماری پیشەسازی |
|---|---|---|---|
| پارێزگاکانی عێراق | | | |
| 1 | نەینەوا | نوفل سلێمان تالب | ئەیاد سلێمان فەتتاح |
| 2 | کەرکوک | مستەفا ئەکرەم تەها | فازل ڕەشید زاحی |
| 3 | دیالە | عەممار ئەحمەد مەجید | ئەحمەد ئیبراهیم عەلی |
| 4 | ئەنبار | عەلی فەخری عەبدولمەلک | سەنان حەکیم فاتح |
| 5 | بەغدا | خالد وەلید محەممەد | حسێن عەلی ئیبراهیم |
| 6 | سەلاحەددین | ماجدە سەبری بەکر | مهەند عەساف سالح |
| 7 | بابل | عەلا حەسەن حەمید | نەعیم محەممەد عەبدولرەزا |
| 8 | واست | عادل لەتیف غافل | غادە کەریم عەبود |
| 9 | نەجەف | حسامەددین ئەحمەد سەعدون | عەلی محەممەد جاسم |
| 10 | کەربەلا | عەباس تامی عەناد | زەینەب محەممەد باقر |
| 11 | قادسییە | محەممەد عەبد مورشد | ڕەبیع محەممەد سەکبان |
| 12 | موسەنا | انمار تالب سالح | نەبا عەبدولزەهرە شەمخی |
| 13 | زیقار | خالد ئەحمەد فەرحان | حەسەن یەحیا حەسەن |
| 14 | میسان | عەلا جاسم خەلیف | جاسم عەلی عەلوان |
| 15 | بەسرا | شەهدی عەبدولئەمیر ماجد | مەحمود عەدنان مەحمود |
| پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | | | |
| 16 | هەولێر | موژدە فەخرەددین ڕەسول | مەریوان حەسەن عەبدوڵلا |
| 17 | دهۆک | چیاڤان عەبدولڕەزاق سلێمان | دراڤ عەبدوڵا ناسر |
| 18 | سلێمانی | شوان جەببار فەتتاح | شەماڵ ڕەئوف محەممەد |

# ناوەڕۆک


سوپاس و پێزانین ..... I

تیمی کار ..... II

لیستی خشتەکان ..... VI

لیستی هێلکارییەکان ..... VIII

پێشەکی ..... 1

بەشی یەکەم ..... 2

گرنگی کانگا و کانگاکاری ..... 2

لایەنی سوودمەند لە داتای کانگاکان ..... 2

چەمک و پێناسەکان ..... 3

پۆلێنکردنی ئاماری ..... 5

ڕێبازی ڕووپێو (میتۆدۆلۆژیای ڕووپێو) ..... 5

قۆناغی دەستنیشانکردنی پێداویستییەکان و نیشاندەرەکان ..... 5

قۆناغی دیزاینکردن ..... 6

کۆمەڵەی ئاماری (کۆمەڵەی ئامانجکراو) ..... 6

سەرچاوەی داتا ..... 6

داڕشتنی پرسیارنامە .......... 6

لەخۆگرتن (التغطية) .......... 7

چوارچێوەی ئاماری لە ڕووپێوی کانگاکان .......... 7

قۆناغی ڕێکخستن .......... 7

قۆناغی کۆکردن .......... 7

قۆناغی بەخشتەکردن (التبويب) .......... 7

بەشی دووەم: دەرەنجامەکان .......... 9

## لیستی خشتەکان

خشتەی 1: نیشاندەرە سەرەکییەکان لە ڕووپێوی کانگا وکانگاکاری بۆ کەرتی تایبەت ساڵی 2023 ................. 8

خشتەی 2: پوختەی دەرەنجامەکانی ڕووپێوی کانگا و کانکاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2023 ........................................................................................................................ 17

خشتەی 3: ژمارەی کرێکاران, کرێ و یارمەتییەکان لە ڕووپێوی کانگا و کانکاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2023 (هەزار دینار)................................................................................................ 18

خشتەی 4: بەهای هەبووە جێگیرەکان لە ڕووپێوی کانگا و کانکاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2023 (هەزار دینار) ................................................................................................ 19

خشتەی 5: هێزی بەرهەمهێنان لە ڕووپێوی کانگا و کانکاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2023 ........................................................................................................................ 20

خشتەی 6 : بەهای بەرهەمی کاڵا و ناکاڵا و کۆی بەهای بەرهەم بەپێی پارێزگا لە ڕووپێوی کانگا و کانکاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2023 (هەزار دینار)........................................................ 21

خشتەی 7: قەبارەی بەرهەمی کانگاکان لە ڕووپێوی کانگا و کانکاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2023 ( م$^3$)............................................................................................ 22

خشتەی8 : مۆڵەتی ژینگەیی بۆ کانگاکان لە ڕووپێوی کانگا و کانکاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2023 ........................................................................................................................ 24

خشتەی 9: شوێنی کانگاکان لە سنووری کارگێڕی شارەوانی لە ڕووپێوی کانگا و کانکاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2023 ........................................................................................ 25

*خشتەی 10: سەرچاوەی ئاوی بەکارهێنراو لە کانگاکان لە ڕووپێوی کانگا و کانگاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2023* ........................................ 26

خشتەی 11: شێوازی ڕزگاربوون لە پاشماوەی کانگاکان لە ڕووپێوی کانگا و کانگاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2023 ........................................ 27

خشتەی 12: ژمارەی ئامێر و ئامرازی گواستنەوەی کە مۆڵکی خاوەنداری کانگانە لە ڕووپێوی کانگا و کانگاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2023 ........................................ 28

خشتەی13 : ژمارەی ئامێر و ئامرازی گواستنەوەی کە مۆڵکی خاوەنداری کانگاکانە لە ڕووپێوی کانگا و کانگاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی جوری کانگا بۆ ساڵی 2023 ........................................ 30

خشتەی 14 :بەهای باج و ڕسومات لە ڕووپێوی کانگا و کانگاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2023 (هەزار دینار)........................................ 31

خشتەی 15: بڕی بەرهەم بە پێی جوری بەرهەم لە ڕووپێوی کانگا و کانگاکاری بۆ کەرتی تایبەت بۆ ساڵی 2023 ........................................ 32

خشتەی16 : بەهای بەرهەم لە ڕووپێوی کانگا و کانگاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی جوری بەرهەم و پارێزگا بۆ ساڵی 2023 (هەزار دینار) ........................................ 33

## لیستی هێلکارییەکان

هێلکاری 1: ژمارەی کانگاکان لە کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2023 ........................................ 9

هێلکاری 2: ڕووبەری دیارکراو بۆ کانگاکان (دۆنم) لە کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2023.......... 10

هێلکاری 3: ژمارەی کرێکاران لە رووپێوی کانگاکان بۆ کەرتی تایبەت لە سەر ئاستی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2023 ........................................................................................................................................ 11

هێلکاری4 : ناوەندی کرێ و پاداشتی مانگانەی کرێکار لە ڕوپێوی کانگاکان بۆ ساڵی 2023 لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرمی کوردستان (هەزار دینار) .................................................................................... 12

هێلکاری 5: کۆی بەهای بەرهەم (ملیار دینار) لە روپێوی کانگاکان بۆ کەرتی تایبەت لە سەر ئاستی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2023 ................................................................................................................ 14

## پێشەکی

بەدرێژایـــی کـــار و چالاکییەکـــانی خۆیـــان, دەســـتەی ئامـــار و سیســـتەمی زانیـــاری جـــوگرافی عێـــراق و دەســـتەی ئامـــاری هەرێمـــی کوردســـتان بەپەرۆش بـــوون بـــۆ دابینکردنـــی داتـــای ئامـــاری ســـەبارەت بە چـــالاکییە ئـــابووری و کۆمەڵایەتییەکـــان، لەوانەش چـــالاکی پیشەســـازی. کەرتـــی ئـــابووری و کـــۆمەڵایەتی, بە تـــایبەتی چـــاڵاکییە پیشەســـازییەکان بەردی بنـــاغەی ئـــابووری نیشـــتیمانە و دابینکردنـــی ئەم جـــۆرە داتایـــانە ئامرازی سەرەکییە بۆ پرۆسەی پلاندانان و پەرەپێدان.

بەرێوەبەرایەتی ئاماری پیشەسازی لە دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی و بەشی ئاماری پیشەسازی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕووپێوی کانگاکان بۆ کەرتی تایبەت بۆ ساڵی 2023 لە پارێزگاکان ئەنجامدا لە ڕێگەی بەرێوەبەرایەتییە ئامارییەکان لە پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان. ئەم ڕووپێـــوە لە ڕێـــگەی پرۆســـەی پلانـــدانان و جێبەجێکـــردن بە هەوڵ و شـــارەزایی جۆراوجـــۆری دەســـتەی ئامـــار و سیســـتەمی زانیـــاری جـــوگرافی/ بەرێـــوەبەرایەتی ئامـــاری پیشەســـازی و دەســـتەی ئامـــاری هەرێمـــی کوردســـتان/ بەشـــی ئامارەکـــانی پیشەســـازی و بە هەمـــاهەنگی لەگەڵ بەرێـــوەبەرایەتی ژمێریـــاری نەتـــەوەیی و بەشـــی ئامارەکانی ژینگە و بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری ئەنجامدرا.

ڕاپـــۆرتی ئەم ڕووپێـــوە لە دوو بەش پێکهـــاتووە کە کۆمەڵێـــک زانیـــاری و نیشـــاندەر لە خـــۆ دەگرێـــت و دیـــارترین نیشـــاندەرەکان بـــریتین لە ژمـــارەی کانگاکـــان، توانـــای بەرهەمهێنـــان، ژمـــارەی کرێکـــاران، کـــرێ و هتـــد. ئەم ڕووپێـــوە بـــۆ یەکەمجـــار لە ســـاڵی 2003 لە ســـەرجەم پارێزگاکـــانی عێـــراق و هەرێمـــی کوردســـتان و دواتـــر لە ســـاڵانی 2009 و 2014 جێبەجێ کرا.

## بەشی یەکەم

## گرنگی کانگا و کانگاکاری

گرنگی کەرتی کانگا لە بەشداریکردنیدایە لە گەشەسەندنی ئابووری وڵات و دابینکردنی هەلی کاری جۆراوجۆر. دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم کەرتە بریتین لە:

- دابینکردنی کەرەستەی خاوی پێویست بۆ دروستکردنی بەرهەمی جۆراوجۆر,
- ڕەخساندنی هەلی کار لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک ئەندازیاری ، گەڕان و دۆزینەوە (تنقیب), پیشەسازی, گواستنەوە و بازرگانی,
- بەشداریکردن لە گەشەی ئابووریی هەموو ئەو ناوچە و وڵاتانەی کە سەرچاوەی کانزایان تێدایە,
- باشترکردنی ئاستی داهاتی کرێکاران لە بواری کانگاکاری,
- پاڵپشتیکردن لە توێژینەوەی زانستی و پەرەپێدان لە بوارە تەکنیکیەکانی کانگاکاری,
- پاراستنی ژینگە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکیە نوێیەکان لە بواری کانگاکاری کە کاریگەرییەکانی کاری کانگاکاری لەسەر ژینگە کەمدەکاتەوە.

## لایەنی سوودمەند لە داتای کانگاکان

- وەزارەتی پلاندانان,
- وەزارەتی پیشەسازی,
- وەزارەتی تەندروستی,
- وەزارەتی ژینگە,
- قوتابیانی خوێندی باڵا,
- سەرجەم پارێزگاکان,
- سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان.

## چەمک و پێناسەکان

**کانگا**

کانگا بریتیە لە شوێنێکی سەر زەوی کە مرۆڤ هەڵیدەکەنێت بە مەبەستی دەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکانی ژێر زەوی وەك چەو، لم و بەرد.

**کۆی بەهای بەرهەم**

بەهای ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەیە کە بە نرخی بازاڕ بەرهەم دەهێنرێن، لەوانەش بەرهەمەکانی پیشەسازی و ئەو بەرهەمانەی کە بۆ بەکارهێنانی تایبەت دروست دەکرێن. بەهای بەرهەمە فرۆشراوەکان کاریگەر دەبن بە گۆڕانکاری لە کۆگاکانی کاڵا تەواوەکان و ئەو بەرهەمانەی کە لە پرۆسەی دروستکردندان.

**بەهای پێداویستییەکان**

بریتییە لە بەهای ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی کە وەک داهات لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا بەکاردەهێنرێن جگە لە هەبووە جێگیرەکان (نەگۆڕەکان).

**کرێکار**

کرێکار هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە دامەزراوەکەدا چاڵاکن و کاردەکەن بە مووچە یان بێ مووچە, هەروەها خاوەنکارەکە و ئەندامانی خێزانەکەی و کەسانی تر کە لە دامەزراوەکە کار دەکەن دەگرێتەوە.

**مووچە و دەرماڵە**

ئەو پارە نەختینە و پاداشتە بەردەوامانەیە کە دامەزراوەکە بە کرێکاران دەدات بەرامبەر بە کاتژمێرەکانی کاری بەردەوام.

**خەرجییەکان**

بریتین لە کۆی قەرەبووی کارمەندان و خەرجییەکانی تر، لەوانە سووتەمەنی، خزمەتگوزاری کارگێڕی، ڕۆن، خزمەتگوزاری چاککردنەوە و پاراستن.

**داهات**

بریتییە لە داهاتی نەختینە کە لە ئەنجامی ئەنجامدانی چالاکیەکانی دامەزراوەکە بەدەست دەهێنرێن و هەروەها داهاتی ڕۆژانەی کارەکان دەگرێتەوە.

**هەبووە نەگۆڕەکان (جێگیر)**

هەبووە نەگۆڕەکان بە سامانی درێژخایەن پێناسە دەکرێت کە بۆ بەدەستهێنانی داهات بۆ کۆمپانیاکان بەکاردەهێنرێت. یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی هەبووە نەگۆڕەکان بریتییە لە دابینکردنی قازانجی دارایی درێژخایەن بۆ کۆمپانیاکە بە هۆکاری تەمەن درێژیان کە زیاترە لە ساڵێک.

**ئەو سەرمایە نەگۆڕانەی کە لە ماوەی ساڵدا کڕدراون**

ئەمانە بە پێکهێنانی سەرمایە ناسراون و ئەو سەرمایە جێگیرانەیە کە دامەزراوەکە لە ماوەی ساڵدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەکڕێت نەک بۆ مەبەستی فرۆشتن، وەک بینای نیشتەجێبوون و نانیشتەجێبوون، زەوی، ئامرازەکانی گواستنەوە، ئامێر و کەلوپەل.

### پۆلێنکردنی ئاماری

پۆلێنکردن وەک کۆمەڵەیەکی ڕێکخراو لە بابەتە پەیوەندیدارەکان پێناسە دەکرێت کە بەکاردێت بۆ گروپکردنی داتاکان لەسەر بنەمای لێکچوون. پۆلێنکردن ڕێگە بە داتا و زانیاریەکان دەدات کە بخرێنە ناو پۆلە ماناداره‌کان بۆ بەرهەمهێنانی ئاماری بەسوود. بۆ ڕووپێوی کانگاکان، پۆلێنکردنی چالاکیەکانی پیشەسازی ستانداردی جیهانی ڤێرژێنی چوارەم (ISIC4) بەکارهاتووە.

## ڕێبازی ڕووپێو (میتۆدۆلۆژیای ڕووپێو)

پیشەسازی کانگا کەرتێکی گرنگە کە بە شێوەیەکی بەرچاو بەشدارە لە بەهێزکردنی ئابووریی نیشتمانی و دەستەبەرکردنی سەقامگیری دارایی, بۆیە کانگاکاری تەنیا دەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان نییە بەڵکو بەشێکی ستراتیژییە کە دەرفەت بۆ گەشەپێدانی بەردەوام دەرەخسێنێت و هان بۆ گەشەی ئابووری درێژخایەن دەدات.

ڕێبازی ڕووپێو باس لە بنەمایەکی بنەڕەتی توێژینەوەی زانستی دەکات و لە قۆناغەکانی خوارەوە پێک دێت:

### قۆناغی دەستنیشانکردنی پێداویستییەکان و نیشانده‌رەکان

دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانو نیشاندەرەکان  خاڵی دەستپێکی ئەنجامدانی ڕووپێوی کانگا و کانگاکارییە, هەروەها هەنگاوی یەکەمە بۆ دڵنیابوون لە گەیشتن بە هەموو ئامانجەکانی ڕووپێوەکە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە کورت کراوەتەوە:

- دەستگەیشتن بە ژمارەی کانگاکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان,
- دیارکردنی توانای بەرهەمهێنانی کانگاکان,
- دەستگەیشتن بە ژمارەی کرێکاران و بەهای کرێی پێدراو,
- دیارکردنی داهاتی کانگاکان,
- بەهای پێداویستییەکان,
- بەهای هەبووە نەگۆڕەکان (جێگیر),
- بڕی بەرهەمی کانگا بە پێی جۆر (چەو, خاکی سور, خۆڵ, گەچ, بەردی گەچ, بەردی کلس, بەرد, لم, گەردی ئاسن, چەوی وردکراو, لمی ڕەش, گەچی پاش سەرەتایی)
- کاریگەری ژینگەیی کانگاکان.

## قۆناغی دیزاینکردن

ئەمە قۆناغی دیزاینکردنی کارە ئامارییەکانە وەک بەرهەمێکی یەکگرتوو. لەم قۆناغەدا کۆمەڵەی ئامانجکراو دەستنیشان دەکرێت، چوارچێوە و نمونەی ڕووپێو دادەڕێژرێت، پرسیارنامەی ڕووپێو ئامادە دەکرێت، شێواز و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دیاری دەکرێن و یەکەکانی نمونەوەرگرتن دەستنیشان دەکرێن. گرنگترین پێکهاتەی ئەم قۆناغە بریتین لە:

### کۆمەڵەی ئاماری (کۆمەڵەی ئامانجکراو)

کۆمەڵەی ئامانجکراوی ڕووپێوی کانگا و کانگاکاریی لە کەرتی تایبەت گشت ئەو کانگانە دەگرێتەوە کە لە عێراق لەکارکردندان و یەکەی هەژمارکردنیان کانگایە.

### سەرچاوەی داتا

بۆ کۆکردنی زانیاری پشت بە ڕووپێوی مەیدانی کانگاکان دەبەسترێت. زانیارییەکان لە ڕێگەی فۆڕمی ئاماری و چاوپێکەوتنی کەسییەوە کۆکراونەتەوە لەلایەن تیمەکانی مەیدانی کە ڕاهێنانیان پێکرابوو و ئامادەکرابوون بۆ جێبەجێکردنی کارەکە لەژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پیشەسازی لە دەستەی ئامار و زانیاری جوگرافی، بەشی ئاماری پیشەسازی لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تر.

## داڕشتنی پرسیارنامە

فۆڕمی ڕووپێوییەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پیشەسازی لە دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ ئامادە و داڕێژراوە و پاشان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتییە تەکنیکییەکانی دەستەی ئامار و سیستەمی زانیاری جوگرافی فیدراڵ و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاماری پارێزگاکان کرا و تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی مەیدانی بۆ پرسیارنامەکە ئەنجامدرا بۆ دیاریکردنی نیشاندەری ئاماری نوێ لە مەیداندا.

*بەشەکانی پرسیارنامە*

- داتای پێناسەی دامەزراوەکان (کانگاکان)،
- بەرهەم و پێداویستییەکانی کانگاکان،
- ئاو و ژینگە،
- هەبووە جێگیرەکان (نەگۆڕەکان).

## لەخۆگرتن (التغطية)

- **شوێنی ڕووپێوکراو**

ڕووپێوی کانگاکان گشت پارێزگاکانی عێراق دەگرێتەوە بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

- **کاتی ڕووپێو**

ڕووپێوەکە داتای ساڵی 2023 لەخۆ دەکرێت.

## چوارچێوەی ئاماری لە ڕووپێوی کانگاکان

- پلاندانان بۆ دروستکردن و داڕشتنی چوارچێوەیەکی ئاماری کە هەموو کۆمەڵگەی ئاماری (نموونەی ڕووپێو) بگرێتەوە ,
- دیاریکردنی داتای چۆنیەتی (البيانات الوصفية) پێویست بۆ دروستکردنی چوارچێوەی ئاماری.

کاری نوێکردنەوەی چوارچێوەکە بۆ گشت کانگاکانی کەرتی تایبەت لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە.

## قۆناغی ڕێکخستن

ئەمە دوا قۆناغی ئامادەکارییە کە پێش سەردانکردنی دامەزراوەکان و کۆکردنی زانیارییەکان ئەنجام دەدرێت و لەو ماوەیەدا ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەچوونی کار ئامادە دەکرێت کە بریتییە لە:

## قۆناغی کۆکردن

- دیارکردنی توێژەری مەیدانی,
- ڕاهێنانی کارمەندان لە ڕێگای کردنەوە خۆلی ڕاهێنانەوە.

دوو خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی پارێزگاکانی عێراق لە نەجەف و بۆ کارمەندانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بەڕێوەچوو. لەم خولانەدا, ئەو کارمەندانەی کە کاری مەیدانی و فەرمانگەیان ئەنجام دەدەن ئامادەکران و پرسیارنامەکە تاوتوێ کرا.

## قۆناغی بەخشتەکردن (التبويب)

- ڕێکخستنی داتاکان بە ڕێزبەندی و پۆلێنکردنیان لە گروپی جیاواز,
- کورتکردنی داتای وورد شێوەیەکی سادەتر و ڕوونتر  بە گرنگیدان بە خالە سەرەکییەکان,

- تێکەڵکردنی داتاکان و بەیەکەوەبەستنەوەی داتا پەیوەندیدارەکان, چارەسەرکردنی داتا وونبووەکان و ناتەواو و نالوژیکیەکان,
- ڕێکخستن و پێشکەشکردن لێکدانەوەی داتاکان .

*خشتەی 1: نیشاندەرە سەرەکییەکان لە ڕووپێوی کانگا وکانگاکاری بۆ کەرتی تایبەت ساڵی 2023*

| ت | نیشاندەر | بەها |
|---|---|---|
| 1 | ژمارەی کانگاکان | 1,809 |
| 2 | ژمارەی کرێکار | 11,060 |
| 3 | کۆی مووچە و پاداشت (ملیار دینار) | 59.77 |
| 4 | کۆی بەهای بەرهەم (ملیار دینار) | 507.82 |
| 5 | کۆی بەهای پێداویستییەکان (ملیار دینار) | 200.63 |
| 6 | ڕووبەری دیارکراوی کانگا (دونم) | 12,530 |
| 7 | بەهای بەرهەمی کرێکار لە بەرهەمهێنان (ملیون دینار) | 45.91 |
| 8 | بەرهەمی دینار لە کرێ | 10 |
| 9 | پلەی دروستکردن (%) | 40 |
| 10 | تێکڕای کرێی ساڵانەی هەر کرێکارێک (ملیون دینار) | 4.68 |

## بەشی دووەم: دەرەنجامەکان


گرنگی ڕووپێوەکە لە دابینکردنی ئەو داتا و نیشاندەرانەیە کە دەخاتەڕوو. لە خوارەوە گرنگترین نیشاندەرەکان بە ووردی ئاماژە پێدراون.

**ژمارەی کانگاکان**

دەرەنجامی ڕووپێوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە کۆی گشتی کانگاکان لە پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان 1809 کانگایە کە 1509 کانگا (83%) لە پارێزگاکانی عێراق و 300 کانگا (17%) کەوتونەتە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

دابەشبوونی کانگاکان لەنێوان پارێزگاکانی عێراق بەم شێوەیە بووە: پارێزگای نەینەوا زۆرترین ژمارەی کانگای هەبووە (221) کە دەکاتە 15%ی کۆی ژمارەی کانگاکان لە عێراق و ئەمەش سروشتی ژینگەی پارێزگاکە نیشان دەدات کە بە هەمەجۆریی ناسراوە. پاشان پارێزگای بەغدا دێت بە 214 کانگا بە ڕێژەی 14%. پارێزگای کەرکوک بە 17 کانگا کەمترین ژمارەی کانگای لە نێوان پارێزگاکانی عێراق تۆمارکردووە کە 1%ی کۆی ژمارەی کانگاکان لە پارێزگاکانی عێراق پێک دێنێت. دابەشکردنی کانگاکان لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە بووە: پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم دێت بە 140 کانگا کە دەکاتە 47%ی کۆی ژمارەی کانگاکانی هەرێمی کوردستان، پاشان پارێزگای هەولێر دێت کە ژمارەی کانگاکان 84 کانگا بووە و 28%ی کانگاکان پێک دێنێت. سەبارەت بە پارێزگای دهۆک، کەمترین ژمارەی کانگاکانی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان هەبووە کە ژمارەیان 76 کانگا بووە کەدەکاتە بە ڕێژەی 25%.


*هێلکاری 1: ژمارەی کانگاکان لە کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2023*



**ڕووبەری کانگاکان**

کۆی گشتی ڕووبەری دیاریکراو بۆ کانگاکان لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان 12,530 دۆنوم بووە. کە ڕووبەری کانگاکان لە پارێزگاکانی عێراق 11,499 دۆنم بووە کە دەکاتە 92% ی کۆی ڕووبەری کانگاکان, لەکاتێکدا ڕووبەری کانگاکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان 1,031 دۆنوم بووە کە دەکاتە 8%ی کۆی گشتی ڕووبەری دیارکراو بۆ کانگاکان لە سەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان.

*هێلکاری 2: ڕووبەری دیارکراو بۆ کانگاکان (دۆنم) لە کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2023*




## دامەزراندن (لە سەر کاردانان)

لە هەلومەرجی ئێستادا, ئابووری عێراق ڕووبەڕووی بەرزبوونەوەی بەرچاوی ڕێژەی بێکاری دەبێتەوە. ئەم بێکارییە تا ڕادەیەکی زۆر پێکهاتەییە و لە ئەنجامی وەستان (ڕکود)ی بەشێك لە کەرتە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان ڕوودەدات  بەتایبەتی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان لە لایەک و گۆڕانکاری لە داواکاری بازاڕی کار لە لایەکی دیکەوە. بۆ دیارکردنی ژمارەی کرێکاران و بەهای ئەو کرێیەی کە پێیان دەدرێت لە کەرتی کانگادا، ئەمانەی خوارەوە دیارترین نیشاندەرانی دامەزراندنن:

### ژمارەی کرێکاران

کانگاکان بەشدارن لە دامەزراندنی ژمارەیەک کرێکار لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق. بە پێی دەرەنجامی ڕووپێوی کانگاکان لە ساڵی 2023, کۆی گشتی کرێکاران کە لە کاری کانگاکاری کار دەکەن (پارێزگاکانی عێراق و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)  گەیشتووەتە 11,060 کرێکار. پارێزگای نەینەوا زۆرترین ژمارەی کرێکاری (1904) تۆمار کردوو, دواتر پارێزگای دیالە دێت (1,135) ، لە کاتێکدا پارێزگای موسەننا کەمترین ژمارەی کرێکاری هەبووە (95) بە بەراوورد بە پارێزگاکانی تر.

*هێلکاری 3: ژمارەی کرێکاران لە رووپێوی کانگاکان بۆ کەرتی تایبەت لە سەر ئاستی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2023*




**کرێی پێدراو**

ئەو کرێیەی کە دەدرێت بە کرێکاران لە کەرتە ئابوورییە جیاوازەکاندا بەشدارە لە باشترکردنی ئاستی ژیانی تاکەکان و بەگەرخستنی ئابووریی گشتی. سەبارەت بەم بابەتە، ئەنجامی ڕووپێوەکە دەرخستووە کە بەهای ئەو کرێیە و یارمەتیانەی کە کرێکارانی کەرتی کانگاکان لە سەرانسەری عێراق وەریان گرتووە گەیشتووتە 59.774 ملیار دینار.

کرێی دابینکراو بۆ کرێکاران لە کەرتی کانگاکان لە پارێزگاکانی عێراق 46.81 ملیار دینار بووە کە دەکاتە 78%ی کۆی کرێ, لە کاتێک کە لە هەرێمی کوردستان 12.96 ملیار دینار بووە،کە دەکاتە 22%ی کۆی کرێی کرێکاران (خشتەی 3).

*هێلکاری4 : ناوەندی کرێ و پاداشتی مانگانەی کرێکار لە ڕوپێوی کانگاکان بۆ ساڵی 2023 لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرمی کوردستان (هەزار دینار)*



**هەبووە نەگۆڕەکان (جێگیرەکان)**

هەبووە نەگۆڕەکان  بە سامانی فیزیکی درێژخایەن پێناسە دەکرێت کە بۆ بەدەستهێنانی داهات لە کۆمپانیاکان بەکاردەهێنرێت. یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی هەبووە نەگۆڕەکان بریتییە لە دابینکردنی قازانجی دارایی درێژخایەن بۆ کۆمپانیاکە بەهۆکاری تەمەن درێژیان کە زیاترە لە ساڵێک. دەرەنجامی ڕووپێوەک نیشان دەدات کە کۆی بەهای سامانە نەگۆڕەکان لە (پارێزگاکانی عێراق و پارێزگاکانی هەرێم) 307.286 ملیار دینار بووە (214.13 ملیار دینار لە پارێزگاکانی عێراق و 93.155 ملیارد دینار لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)  وەك لە خشتەی  4 ڕوونکراوەتەوە.

**توانای بەرهەمهێنان**

توانای بەرهەمهێنان بریتییە لە قەبارەی ئەو بەرهەمانەی کە دەتوانرێت لە لایەن کارگەیەک یان کۆمپانیایەکەوە لە ماوەی دیاریکراودا بە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی بەردەست بەرهەمبهێنرێن و ئاماژەیە بۆ زۆرترین قەبارە و توانای بەرهەمهێنان.


بە پێی دەرەنجامی ڕووپێوەکە, کۆی توانای بەرهەمهێنان لە کەرتی کانگاکان (پارێزگاکانی عێراق و پارێزگاکانی هەرێم) 34.1 ملیۆن م$^3$ بووە کە دەکاتە 5.7 ملیۆن تۆن دابەش دەبێت لەنێوان پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان. توانای بەرهەمهێنان لە پارێزگاکانی عێراق 86% و لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان 14%ی کۆی توانای بەرهەمهێنانە لە گشت عێراق (خشتەی 5).

**بەهای بەرهەم**

دەرەنجامی ڕووپێوەکە ئاماژە بەوە دەدات کە کۆی بەهای بەرهەمی کانگاکان لە سەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان زیادتر بووە لە 507.82  ملیار دینار کە دابەشکراوە لەنێوان بەرهەمی کاڵا و ناکاڵادا.  کۆی بەهای بەرهەمی کاڵا زیادتر بووە لە 507.39 ملیار دینار کە دەکاتە بە ڕێژەی 99% و بەهای بەرهەمی ناکاڵا  گەیشتووەتە 426 ملیۆن دینار کە ڕێژەکەی  تەنها 1%ی بەهای بەرهەمی کانگاکان پێک دێنێت.

لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان, بەهای بەرهەمی کاڵا گەیشتووە 63.98 ملیار دینار کە دەکاتە 13%ی کۆی بەهای بەرهەمی کانگاکان لە هەرێمی کوردستان, لە کاتێک کە بەهای بەرهەمی ناکاڵا لە کانگاکانی هەرێمی کوردستان 3.87  ملیۆن دینار بووە کە دەکاتە 0.9%ی کۆی بەهای بەرهەمی کانگاکان لە هەرێمی کوردستان (خشتەی 6).

*هێلکاری 5: کۆی بەهای بەرهەم (ملیار دینار) لە ڕوپێوی کانگاکان بۆ کەرتی تایبەت لە سەر ئاستی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2023*




**بەهای پێداویستییەکان**

کۆی بەهای پێداویستییەکان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق 200.63 ملیار دینار بووە (خشتەی 2).

**بڕی بەرهەمهێنان**

بە پێی دەرەنجامی ڕووپێوی کانگاکان بۆ ساڵی 2023, کۆی گشتی کاڵای بەهەمهێنراو لە کانگاکان لە سەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان 87.69 ملیون م$^3$ بووە و پارێزگای بەغدا پلەی یەکەمی هەبووە بە 11.53 ملیون م$^3$ و 13%ی کۆی بەرهەمی کانگاکان لە سەرانسەری عێراقی پێکهێناوە کە زۆربەی بەرهەمەکەی خۆڵ بووە. پارێزگای کەرکوک نزمترین بڕی لە سەر ئاستی عێراق تۆمار کردووە کە بڕەکەی گەیشتووەتە 102,190 م$^3$ و بە ڕێژەی 0.1% کۆی بەرهەمی کانگاکانی پێکهێناوە.

سەبارەت بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان, کۆی بەرهەمی کانگاکان لە سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان 10.2 ملیون م$^3$ بووە کە زۆرترین بەرهەم لە پارێزگای سلێمانی بووە بە بڕی 5 ملیون م$^3$ کە زۆربەی بەرهەمەکەی لم بووە و بڕەکەی گەیشتووەتە 1.4 ملیون م$^3$ بووە کە دەکاتە 28.5%ی کۆی بەرهەمی کانگاکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2023 (خشتەی 7).

## ئاو و ژینگە

### مۆڵەتی ژینگەیی

دەرەنجامی ڕووپێوەکە بۆ سالی 2023 دەریخستووە کە ژمارەی ئەو کانگانەی کە مۆڵەتی ژینگەییان وەرگرتووە 1,388 کانگا بووە لە سەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە دەکاتە 77%ی کۆی ژمارەی کانگاکان، لەکاتێکدا ژمارەی ئەو کانگایانەی کە مۆڵەتی ژینگەییان نەبووە گەیشتووەتە 421 کانگا بە ڕێژەی 23%.

لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان, ژمارەی ئەو کانگانەی کە مۆڵەتی ژینگەییان هەبووە گەیشتووەتە 269 کانگا کە دەکاتە 90%ی کۆی کانگاکان لە هەرێمی کوردستان, و ئەوانەی کە مۆڵەتی ژینگەییان وەرنەگرتووە 31 کانگا بووە و 10%ی کۆی کانگاکان لە هەرێمی کوردستان پێک دێنن (خشتەی 8).

### شوێنی کانگاکان بە پێی سنوری کارگێڕی

بە پێی ڕووپێی کانگاکان بۆ ساڵی 2023, ژمارەی ئەو کانگانەی کە دەکەونە سنوورە کارگێڕییەکانی شارەوانی پارێزگاکانی عێراق و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان گەیشتووتە 168 کانگا، واتە 9%ی کۆی ژمارەی کانگاکان، لەکاتێکدا ژمارەی ئەو کانگانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکان 1,641 کانگاکان بووە و 91% کۆی ژمارەی کانگاکان پێک دێنن (خشتەی 9).

### سەرچاوەی ئاوی بەکارهێنراو لە کانگاکان

ئەنجامەکانی ڕووپێوی کانگاکان بۆ ساڵی 2023 دەریدەخەن کە جیاوازی هەیە لە سەرچاوە ئاوییەکانی بەکارهێنراو لە کانگاکاندا، بەو شێوەیە کە زۆرترین ڕێژەی کانگاکان ئاوی ڕووباریان بەکارهێناوە کە ژمارەیان گەیشتووەتە 374 کانگا کە دەکاتە 21%ی کۆی ژمارەی کانگاکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان, لە کاتێکدا ژمارەی ئەو کانگایانەی کە ئاوی تانکی بەکاردەهێنن 246 کانگا بووە (14%)، و ژمارەی ئەو کانگانەی کە ئاو بەکارناهێنن گەیشتە 805 کانگا (44%) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان (خشتەی 10).

### قەبارەی پاشماوەی کانگاکان

دەرەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی 2023 قەبارەی پاشماوەی ڕەقی کانگاکان لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان 2,147,993 تۆن بووە کە 1,345,962 تۆن بە

ڕێژەی (63%) لە پارێزگاکانی عێراق و 802,030 تۆن بە ڕێژەی (37%) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە.

ژمارەی ئەو کانگایانەی کە پاشماوەی ڕەق بەرهەم ناهێنن 1,310 کانگا بووە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا ژمارەی ئەو کانگایانەی پاشماوەی ڕەق بەرهەم دەهێنن گەیشتووتە 499 کانگا لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان.

**شێوازی ڕزگاربوون لە پاشماوەی کانگاکان**

سەبارەت بە شێوازی ڕزگاربوون لە پاشماوەی ڕەقی کانگاکان، ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە زۆرترین ژمارەی کانگاکان شێوازی ناشتن بەکاردەهێنن کە ژمارەیان گەیشتووتە 240 کانگا (13%) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە ژمارەی ئەو کانگایانەی کە شێوازی فڕێدانی پاشماوە لە زەوی چۆڵدا بەکاردەهێنن ژمارەیان 233 کانگا (13%) بووە (خشتەی 11).

**ژمارەی ئامێر و ئامرازی گواستنەوەی بەکارهاتوو لە کانگاکان**

دەرەنجامی ڕووپێوی کانگاکان بۆ ساڵی 2023 نیشان داوە کە بە پێی جۆری کانگاکە, ئامێر و ئامرازی گواستنەوەی جۆراوجۆر لە کانگاکان بەکار هاتووە. لە سەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق و هەرێم کوردستان, کۆی گشتی ئەو ئامێر و کەلوپەل و ئامرازی گواستنەوە کە خاوەن کانگاکە خاوەندارێتی دەکات گەیشتووتە 9,641 (خشتەی 12 و 13).

**بەهای باج و ڕسومات**

باج بە بڕە پارەیەکی ناچاریی پێناسە دەکرێت کە لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە بەسەر کەس و کۆمپانیاکاندا (باجدەران) دەسەپێندرێت وەک دامەزراوەکانی بازرگانی یان بەکارهێنەرانی کۆتایی کاڵای دامەزراوەکە. باج بەکاردێت چالاکییەکانی حکومەت و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان ن.

ئەنجامی رووپێوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە کۆی بەهای باج و ڕسومات لە سەرانسەری پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان زیادتر بووە لە 43.40 ملیار دینار. پارێزگای ئەنبار بە بەرزترین بەهای باج و ڕسومات لە سەرووی پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بووە کە بڕەکەی گەیشتووتە 14.99 ملیار دینار (خشتەی14).

خشتەی 2: پوختەی دەرەنجامەکانی ڕووپێوی کانگا و کانکاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2023

| ز | پارێزگا | ژمارەی کانگا | ڕووبەری دیاریکراوی کانگا | کۆی بەهای بەرهەم (هەزار دینار) | کۆی بەهای پێداویستیەکان | کۆی ژمارەی کرێکاران | کۆی کرێ و پاداشتی پێشکەشکراو بە کرێکاران |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکانی عێراق | | | | | | | |
| 1 | نەینەوا | 221 | 2,766 | 62,331,451 | 31,197,132 | 1,904 | 8,648,275 |
| 2 | کەرکوک | 17 | 46 | 409,818 | 244,224 | 131 | 495,632 |
| 3 | دیالا | 162 | 456 | 41,376,197 | 22,146,608 | 1,135 | 9,493,193 |
| 4 | ئەنبار | 211 | 1,648 | 19,883,875 | 7,995,820 | 436 | 2,954,984 |
| 5 | بەغدا | 214 | 1,158 | 46,145,198 | 20,399,715 | 835 | 5,698,035 |
| 6 | بابل | 30 | 261 | 7,358,143 | 3,911,863 | 116 | 449,193 |
| 7 | کەربەلا | 88 | 1,402 | 143,402,071 | 21,670,733 | 806 | 4,862,673 |
| 8 | واست | 118 | 559 | 23,739,327 | 12,690,146 | 616 | 2,878,635 |
| 9 | سەلاحەددین | 78 | 443 | 12,701,375 | 5,473,144 | 748 | 2,778,551 |
| 10 | نەجەف | 57 | 487 | 6,695,767 | 1,732,240 | 111 | 695,992 |
| 11 | قادسییە | 43 | 887 | 1,370,963 | 601,086 | 125 | 279,156 |
| 12 | موسەننا | 32 | 175 | 30,851,900 | 24,936,485 | 95 | 465,487 |
| 13 | زیقار | 56 | 481 | 6,478,622 | 2,359,457 | 202 | 1,370,465 |
| 14 | میسان | 122 | 444 | 31,200,714 | 11,793,462 | 755 | 4,267,378 |
| 15 | بەسرا | 60 | 287 | 9,889,118 | 1,944,719 | 302 | 1,475,747 |
| **کۆ** | | **1,509** | **11,499** | **443,834,539** | **169,096,835** | **8,315** | **46,813,397** |
| پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | | | | | | | |
| 16 | دهۆک | 76 | 223 | 11,412,204 | 5,788,865 | 705 | 3,061,915 |
| 17 | سلێمانی | 140 | 402 | 29,327,964 | 14,480,922 | 1,215 | 6,568,753 |
| 18 | هەولێر | 84 | 407 | 23,246,607 | 11,270,511 | 825 | 3,330,349 |
| **کۆ** | | **300** | **1,031** | **63,986,776** | **31,540,297** | **2,745** | **12,961,017** |
| **کۆی گشتی** | | **1,809** | **12,530** | **507,821,315** | **200,637,132** | **11,060** | **59,774,414** |

*خشتەی 3: ژمارەی کرێکاران, کرێ و پارمەتییەکان لە ڕووپێوی کانگا و کانکاکاری بۆ کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2023 (هەزار دینار)*

| ژ | پارێزگا | ژمارەی کرێکاران | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بەکرێ | بەبێ کرێ | کۆ | کۆی کرێ | پارمەتی پێشکەشکراو بە کرێکاران |
| پارێزگاکانی عێراق | | | | | | |
| 1 | نەینەوا | 1,746 | 157 | 1,904 | 8,589,967 | 58,308 |
| 2 | کەرکوک | 130 | 1 | 131 | 400,648 | 94,984 |
| 3 | دیالا | 1,019 | 116 | 1,135 | 8,368,355 | 1,124,838 |
| 4 | ئەنبار | 324 | 112 | 436 | 2,498,057 | 456,927 |
| 5 | بەغدا | 772 | 63 | 835 | 5,228,314 | 469,722 |
| 6 | بابل | 86 | 30 | 116 | 415,643 | 33,550 |
| 7 | کەربەلا | 690 | 116 | 806 | 3,872,048 | 990,626 |
| 8 | واست | 543 | 74 | 616 | 2,353,866 | 524,769 |
| 9 | سەلاحەددین | 715 | 32 | 748 | 2,330,453 | 448,098 |
| 10 | نەجەف | 101 | 10 | 111 | 593,083 | 102,908 |
| 11 | قادسییە | 89 | 36 | 125 | 268,108 | 11,048 |
| 12 | موسەننا | 90 | 4 | 95 | 430,922 | 34,565 |
| 13 | زیقار | 177 | 25 | 202 | 1,151,523 | 218,942 |
| 14 | میسان | 678 | 77 | 755 | 3,677,832 | 589,546 |
| 15 | بەسرا | 235 | 66 | 302 | 1,008,183 | 467,565 |
| | **کۆی** | **7,396** | **920** | **8,315** | **41,187,002** | **5,626,395** |
